Logistik Lernen Hamburg
فێربوونی دابینکردن-هامبۆرگ

Hamburg | Behörde für Wirtschaft, Verkehr und Innovation
هامبۆرگ
دەسەڵات بۆ کاروکاسبی، هاتووچوو و داهێنان



مشتری لەناو سوپر مارکێتە و رەفە خاڵییە – خراپترین سیناریۆ بۆ هەر کاروکاسبییەک.
شۆفێرە پیشەکارەکان دڵنیایی دەدەن کە کاڵا وشتومەک لە رێگای نیشتمانی و نێودەوڵەتییەوە دەگاتە دەست مشترییەکان و لەبەرئەمە ئێمە دەتوانین ژیانمان بەو شێوەی کە پێی راهاتووین بەردەوامی بدەین. ئەم شۆفێرە قارەمانانە نامۆکان زەنجیەری دابینکردنن.

## شۆفێری پیشەکار/ لە-

پرۆفایلی پیشەکار:

سەرۆکی خۆیە و بارهەڵگری خۆی بەدەستەویە یان بەشیکە لە کۆمپانیایکی گەورە – لەبەرئەمە شۆفێرە پیشەکارەکان دەتوانن سەربەخۆ کار بکەن. زیادەلەوش، ئەوان دەتوانن بۆ سەفەری رێگای کورت لە هامبۆرگ یان سەفەری-رێگای درێژ بەکار بێن، تەنانەت تێپەرکردنی سنووری لەگەڵدایە. ئەم راستییەی کە کەسێک بۆ ماوەی یەک حەفتە نەرواتەوە بۆ ماڵ شتێکی نائاسایی نییە و دەبێت قەبووڵ بکرێت.

لەماوەی 3-ساڵ راهێنانکردندا تۆ فێر دەبیت کە چۆن لێخورین لۆری/بارهەڵگرێک بکەیت و مۆڵەتی-شۆفێری گونجاو بۆ پۆلەکان C و CE بەدەست بهێنیت. گرینگی تایبەت دەدرێت بە تێگەیشتن و لێوردبوونەوەی هێمنی و پارێزراوی هاتووچووی ئۆتۆمبیلەکە و بارەکە. لەبەرئەمە، جگەلە لێخۆرین هەروەها گرینگی زیاد دەدرێت بە فێربوون تێگەیشتنی کارزانانە و بارکردن ئۆتۆمبیلەکە. هەروەها خوێندنەوە، دەستکاریکردن و تێگەیشتن لە بەڵگەکان باربردن و پلاندانانی کاریگەرانەی رێگای سەفەر گرینگن بۆ گەیاندن کاڵا و شتومەک لەسەر کاتی گونجاودا.

پێداویستییەکان:

بۆ داواکاری راهێنانی شۆفێری پیشەکار، تۆ دەبێت کە لانیکەم پلەی خوێندنگای ناوەندی یان دوا-ناوەندیت هەبێت. لانیکەمی تەمەن 17 ساڵە.

**کۆپانیاکانیش بەدوای ئەو داواکارانە دەگەرِن کە تێگەیشتنی کارزانانەیان هەیە و هەروەها حەز دەکەن بە لۆری/بارهەڵگر، و لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵک لەزەت دەبەن، توانای رێکخستنیان هەیە، بارودۆخە فشاردروستکەرەکان چارە دەکەن و سەربەخۆ کار دەکەن.**

مووچە:

شاگردەکان موچەی دەرچوویی لە راهێنان وەردەگرن کە پەیوەندیدارە بە ساڵی راهێنانەکە. لە ساڵی یەکەمی راهێنانەکەدا ئەم موچە بری نزیکی 550 یورۆیە بۆ شوفێرە پیشەکارەکان. ئەمە لە کۆمپانی بۆ کۆمپانی جیاوازە و پەیوەندیدارە بەوەی کە ئاخۆ بە رێککەوتنێکی گشتی گەیشتوون.

**ئایا وەسفی کارەکە و بواری چالاکییەکی بە لاتەوە سەرنج راکێش و خۆشە؟ داواکاری لە هەرکام لە 500 کۆمپانیای بارهەڵگری لە ناوچەی شاری هامبۆرگ وەردەگیرێت. زانیاری زیادتر سەبارەت بە راهێنانەکە دەکرێت وەدەست بکەوێت لە وێبگەی:**
**www.logistik-lernen.hamburg**

Sprache: Kurdisch